

# سەرۆکی عیراق و پرسی ناسیونالیستي کوردی !!!!

## جەزا چنگیانی

پەیوەندی نێوان ( دەستکەوت و بەرهەم ) پەیوەندی نێوان ( ناوەڕۆك و تۆیکڵە ) . پەیوەندی ئەم دوو بوونەش بە زمانی زانستی سیاسی پێدەوتری پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان دوو جەمسەر . هەریەکێك لەم جەمسەرانە لە پرۆسێسی سیاسی و میکانیزمی کار و سەرمایەدا ( سەرمایەی مادی و معنوی ) ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە . لە پرۆسێسی ساخڵەمیدا ( دەبێ ) ئەم دوو جەمسەرە لە خزمەت یەکتیدا بن و تواناکانیان تێکەڵاو بکەن . ئەگەر پێچەوانەکەی ڕۆڵیان بینی ئەوە ئەم دوو جەمسەرە ( دەستکەوت و بەرهەم ) زیان بەیەکتری . بە کۆمەڵگا دەگەین و پاشقول لە زەمەن دەگرن . دەبێت هەمیشە دەستکەوت لە پێناوی بەرهەمدا چالاك ( ئەکتیف ) بێ . ئەگەر پێچەوانەکەی بوو تەنها دەستکەوت لە گۆڕەپانی پرۆسێسەکاندا بوونی هەبوو و بەرهەم ( بەرهەمنەهێنێ ) ئەوە دەستکەوت لە جیاتی ئەوەی خزمەت بکات زیان بەخش دەبێت .

## جیاوازی لە نێوان ( بەرهەم ) و ( دەستکەوت )دا .

( بەرهەم ) بە تەنیا دەتوانی خولقێنەری ( دەستکەوت ) بێ . وەلی ( دەستکەوت ) بە تەنیا ناتوانی خولقێنەری ( بەرهەم ) بێت . ( دەستکەوت ) بە ئاسانی بۆ ماوەیکی کەم دەستدەکەوێت مەرجی سەقامگیری هەمیشەی خودی تیدانیە . ( بەرهەم ) بە ماوەیەکی فرە و ئاوزانێکی مۆدیرن وخەباتێکی سەردەمانە مسۆگەر دەبێت . مەرجی سەقامگیری هەمیشەی خود کرۆکێتی . ( دەستکەوت ) تەمەنی کورتە و کاریگەری لەسەر پرۆسێسە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکاندا کەمە ولە میکانیزمدا چالاك نیە یان کەمە. ( بەرهەم ) لە تەك تەمەندایە و کاریگەری لە گشت بۆارەکاندا فرەیە .بۆیە زاڵبوونی ڕۆڵی ( بەرهەم) بۆ ئایندەی جوان و کۆمەڵگای بێ گرفت و پرۆسێسی بەگەڕخستنی تواناکانی تاکی کۆمەڵ وئایندەی مژدە بەخش . بۆ نەوەکانی داهاتوو و سەقامگیرکردنی دەسەلاتی یاسا و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا ڕۆڵێکی مەزنە . وەلی ( دەستکەوت ) ناتوانی ئەم ڕۆڵە مەزنە لە چارەنووسی کۆمەڵگا و ئایندەی مژدەبەخش بۆ نەوەکانی داهاتوو ببینێ .

بوونی تاڵەبانی وەك سەرۆکی کۆماری عیراقی ( عەرەبی ) ( دەستکەوتە ) نەك ( بەرهەم ) . لە ساڵی 1921 بەدواوە ساڵی دروستبوونی دەوڵەتی عیراقی . ( ناسیونالیستی کورد و عەرەب ) بەرامبەر بەیەك وەستاون و لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیە ناکۆکیەکانیان چاولەیەکتری زیتدەکەنەوە . ناسیونالیستی

عەرەبی لەبەر ئەوەی ناسیونالیستێکی گەوجە سەروەری خۆی لە قۆرخکردنی مافە مرۆی ناسیونالیستیەکەی گەلی کورد لە باشوری مارەبڕاوی عیرقدا مسۆگەر دەکات .

بۆیە لە فیصەلەوە تا (تاڵەبانی ) پرسی ناسیونالیستی کوردی پرسێکی بڤە بووە هەمیشە دانوساندنەکانی نێوان هەردوو جەمسەری دژ ( کورد عەرەب ) دانوساندنی چارەسەر و بەدەستهێنانی(بەرهەم ) نەبووە . بەڵکو (پاشقول) بووە لە زۆرانی زەمەندا . هەر سەرکردەیەکی ( عیراقی بە تاڵەبانیشەوە ) بدۆێنی هێندە بڕوای بە مافی مرۆڤی کورد لە باشوری کوردستاندا هەیە تا (بەرژەوەندی ناسیونالیستی عەرەبی ) مۆڵەتی دەدا .( **سنعمل لاعادة العراق الي محيط العربي و الاسلامي .... ان العراق سيلعب دوره في مساعدة الشعب الفلسطيني حتي ينال حقة المشروع في**



**دولة مستقلة علي ارضه )** * ( ووتەی تاڵەبانی ) گرفتی مرۆڤی کورد گرفتی دامەزراندنی موچەخۆرێکی ڕەگەز کورد ( تاڵەبانی ) نیە لە موچەخانەی بەغدادا . لە ساڵی 1921 وە هەمیشە لە کابینەکانی دەوڵەتی عیراقیدا مۆچەخۆری ڕەگەز کورد هەبووە کە بڵندترینیان ( محمد ئەمین زەکی بەگ سەردەمی پاشایەتی وجیگری سەرۆك کۆماری عیراق سەردەمی صەدام تەها محی الدین معروف و سەرۆکی ئیستای عیراق تاڵەبانی ) یە . لە دوو قۆناغی پێش تاڵەبانی فیگۆرە کوردەکانی چەق لە بەغداد نەیان توانی سانتیمەترێك لە هیوای کورد نزیك ببنەوە و هێندەی سەرە ( واو ) ێك گرفتی کوردیان چارەسەر نەکرد . بۆیە گرفتەکەمان بە بۆگەنی لە مێژوودا کەڵەکە بووە . گرفتی ئیستای مرۆڤی کورد گەڕانەوەی ماڤە مرۆیە لێزەوتکراوەکانی و ئازادی خاك و سامانە سروشتیە دزراوەکەیتی . لە کاتێکدا مرۆڤە گەوجەکانی کورد دەرژێنە سەر شەقام و بەبەرگی والای کوردیەوە هەڵهەڵە لێدەدەن وسەما بە بۆنەی بوون بەسەرۆك کۆماری عیراقی تاڵەبانی دەکەن . دەسەلاّتی کوردی لە باشوردا ( یەکیتی و پارتی ) بە پراکتێك چاو لەویکتری زیتدەکەنەوە و پاشقول لە زەمەن و مرۆڤی کورد دەگرن باشوری کوردستان بە قاشکراوی دەهێڵنەوە . ئاوڕ نەدانەوەی مرۆڤی کورد بەتایبەتی ڕۆشنبیران لەم خاڵە بەڵگەی ( گەوجی) کۆمەڵگایەك نیشان دەدا کە لە میژویدا هیچ فیر نەبوو و ئاوریشی بۆ کارەسات و پیادەکەری ئەنفال و کیمیاوی ڕیژی کوردستان و شەڕی گەوجانەی نیوان جەلالی و مەلای نادەنەوە . تا کۆتای زەمەن و

تەمەنی دەسەڵاتی دڕندە صدام . تا دوا هەناسەی تاراوگەی مستەفا بەرزانی و ئیستاش گرفتی کەرکوك وەك وازییەك لە نێوان ویستی ( درۆی ) سەرانی کورد و ویستی (ڕەسەنی) ناسیونالیستی عەرەبی وەکی خۆی ماوەتەوە . لە دوای بڕیاری بە کۆمەڵی ئۆپۆزسیونی عیراقی بۆ چارەسەری ناوچە بە عەرەبکراوەکان بە پێ پڕەگرافی ( 58 ) هەردوو سەرکردەی کورد لە ووشە و پڕوپاگەندەی بۆش زیاتر بۆ ئەم پەڕاگرافی ( 58 ) هیچ هەنگاویکیان نەناوە .بە ئارەزووی ویست و بەرژەوەندی ناسیونالیستی عەرەبی بازی بە زەمەن و ئاوەزانی مرۆی کورد لەم باریەوە دەکەن . ئەو مرۆڤانەی لە ڕۆژی 06\04\2005 بە بۆنەی هەڵبژاردنی تاڵەبانی ( سەقەت کورد ) بە سەرۆکی کۆماری عیراقی عەرەبی ڕژانە سەرشەقامەکانەوە ئەوانە نەوەی مرۆڤە هەڵخەڵەتاوەکانی بەیانی 11 ئازاری ساڵی 1970 کە کاتی خۆی چۆن وەك ئیستا بێ بیرکردنەو و تۆژینەوە ڕاڤەکردن ڕژانە سەر شەقامەکان و دەنگی شەپۆلی چەپڵەو هەڵهەڵەی مرۆڤە بێ سەوادەکانی کوردی لەوسەردەمەدا ( وەك ئیستا ) دەگیشتە ڕۆحی هەورەکانی ئاسمان . ئەوە بوو ئەو دەستکەوتە ( 11 ئازار ) چونکە ( بەرهەمی) لە تەکدا نەبوو ناسیونالیستی عەرەبی دڕ ( بەعس ) بۆ زۆرانی زەمەن وکەڵك وەرگرتنی بۆ تێپەڕبوونی زەمەنێك کە بەعس و بەرنامەی ناسیونالیستی عەرەبی پیویستیان پیبوو بۆ زاڵبوون و خۆکۆکردنەوە بۆپیادەکردنی نامەی پیرۆزی( امە العربی ) سەرکردایەتی گەوجی کوردی هەڵخەڵەتان . سەرکردایەتی کوردی ئەو سەردەمەش چونکە خاوەنی مۆڕاڵ و ئایدۆلۆژیتێکی ناسیونالیستی نەبوون و ئیستاش نین لەو زەمەن و دانوساندندا غەمی بە دەستهێنانی بەرهەمی نەتەوایەتی و چارەسەری گرفتی مرۆی کورد ( کەسایەتی نەتەوەی کوردی ) یان نەبوو و ئیستاش نین . بۆیە لۆژیکە ئەو سیستەمە پڕێمیتفە کوردیەی ساڵی 1970 دەبوایە ( ئاشبەتاڵی و ئەنفال و ڕەوی ) بە دوای خۆیدا بهانیبایە . ئەگەر مستەفا بەرزانی سەرکردەیەکی ڕۆحیانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بۆایە ولە ئەرکی بزوتنەوەکە بگەیشتایە دەبوایە پێش ئەوەی بیری لە دەستکەوت ( جیگری سەرۆك کۆمار و چەند وەزیرێك لە کابینەکانی دەوڵەتی عیراقی عەرەبی وەك بووکەپەڕوینە ) بکردایەتەوە ئەبوایە هێڵێکی سوری بۆ ناسیونالیستی عەرەبی بکێشایە نەك ببوایە بە پیادەیکەری نەخشەی شای ئیران دژی عیراق . ئیستا ژیانی مرۆی کورد بەرگێکی تری بە بەردا دەبڕا و ئەنفال و کیمیاویشمان نەدەبینی . جیاوازی لە نێوان دوو زەمەنی 1970 و 2005 تەنیا فیگۆرە سیاسیەکان گۆڕاون نەك ئایدلۆژێت و مۆڕاڵ . لەو سەردەمەدا کەرکوك وویردی سەرزمانی مەلا مستەفا بوو . ئەوە لە زەمەنی ( تاڵەبانی و بەرزانی ) بوو بە ( دڵ و قودسی کوردستان ) لە ساڵی 1991 وە ئەم دووانە نەك کارێکیان بۆ ئەو شارە و دانیشتوانەکەی نەکرووە بەڵکو کەرکوك و دانیشتوانەکەی جۆکەری قومارخانەی سیاسی کورد و عەرەبە .لە کاتێکدا دڕەندەترین دەسەڵاتی ناسیونالیستی عەرەب ( بەعس ) لە میژوودا بەپەنگ بوو .هیچ جۆرە دەسەڵاتێك لە چەقدا نەمایەوە . هەردوو ملۆزم سانتیمەتریك هەنگاویان بۆ گرفتی کەرکوك نەنا . لە سەردەمی هەردوو سەرۆکی کاتی ( تاڵەبانی و بەرزانی )دەسەڵاتی کاتی عیراقدا بۆ جیبەجیکردنی برگەی ( 58 ) یاسای کاتی و چارەسەری گرفتی کەرکوك . کەرکوکیان خستە سەر مێزی ویستی ناسیونالیستی عەرەبی و زبلخانەی بەرژەوەندی پارتایەتی و گرژی نێوان ( جەلالی و مەلای ) .وەڵامی بەعس بۆ گرفتی کەرکوك و ڕزگارکردنی لە قەیرانەکانی دەسەڵاتی چوار ساڵ بازی بە ئاوزانی مستەفا بارزانی بە وەزیرەکانی پارتی لە بەغدا بوو . ئیستاش هەمان دەستور فیگۆری نۆی ناسیونالیستی عەرەبی بە هەڵبژاردنی ( تاڵەبانی) جارێکی تر بازی بە سەرانی کورد وپیرۆزی ویستی ناسیونالیستی

کورد له گەڕانەوەی کەرکوك و خانەقین و موصل بۆ باوەشی دایکی ڕەسەنی ( باشوری کوردستان ) دەکەن . ئەوەی جێگەی شەرم و سەرنجی چاودیرانی سیاسی هوشیارە کە ( گەوجی میللەتی کوردە ) لەو بەزم و هەڵپەڕکیانەی بە بۆنەی هەڵبژاردنێکی ڤیگۆرێکی سەقەتی وەك ( تاڵەبانی ) بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری (چەند مانگی ) دەیکەن بەو دەستکەوتە بیٚ بەرهەمە دەڕژێنە سەر شەقامەکان وەلی ئاوڕێك لەوە نادنەوە کە تائیستاش کورد لە باشوردا دوو قاشی دژ بەیەکن .

سەرکەوتنی مرۆڤی کورد و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەی پابەستە بە گەڕانەوەی ویلایەتی ﴿ ( موصل ) بۆ باوەشی نەخشەی سیاسی و کۆمەلآیەتی وئابوری باشوری کوردستان ﴾ نەك بوونی تاڵەبانی بە سەرۆك .

- الحیاه العدد ....15347 ڕۆژی 2005–04–07

سانپیتربۆرگ2005–04–07
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de

ئەم ووتارە دەبوایە لە ساتی خۆیدا بلآوبکرایەتەوە و هۆی دواکەوتنەکەشی گۆیزانەوەی شوینی ژینگە و نەبوونی هۆکانی پەیوەندی بوو .وەلی مادامێکی دۆزە سیاسیە سەقەتەکە لە باشوری کوردستان و عیراقدا بوونی هەیە . بواری بلآوکردنەوەی ئەم ووتارەش زیندوە .